# هۆرامان و ناشتنی مردوویان (کەڵاتی بێدەنگی) لە سەردەمی زەردەشتییەکان و نوێژکردنیان

محیەدین هەورامی

لە نێوان (هۆرامانی تەخت) و (هۆرامانی لهۆن)دا شاخێکی زۆر بەرزو سەخت هەیە کە بە تەختی زەردەشتی (شبیتە گۆنە) واتا کێوی سپی بەناوبانگە، هەموو ساڵێک زەردەشت و دوای ئەویش یاوەرەکانی (پیرشالیار)ەکان کە زۆرن و بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر زەردەشت و ڕۆژ هەڵاتناسێکی ڕووسی دەڵێت پیرشالیاری یەکەم (زەردەشت)بووە. لە (١٥)ی مانگی (ئارفراهیستۆ) مانگی فەڕ و خۆشی کە ڕێکەوتی پێنجی مانگی مایسە، زەردەشت چووەتە سەر لووتکەی ئەو کێوە سپییە چلەی کێشاوە واتا (٤٠) ڕۆژ نوێژی کردووە بۆ خوای چاکە (ئاهۆرامازدا) یا (مازدا) کە وشەی (هۆرامان) لەوەوە وەرگیراوە، ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی چوارشەممە بووە و ناونراوە ڕۆژی (ئاهۆرامازدا) لەبەر پیرۆزی چونکە زەردەشت لەو ڕۆژەدا لەدایک بووە لە دێی (وەریێ) لە هۆرامانی تەخت لە (٦٦٠ پ.ز) و هەر لەو ڕۆژەدا سرووشی (وحی) بۆ هاتووە لە (٦٣٠ پ.ز) و لە هەمان ڕۆژدا گەشمەرگە (شهید) کراوە لە (٥٨٣پ.ز) واتا لە پێش (٢٧٠٠/٥/٥)ی کوردی کە (١٥ی ئارفراهێستۆ)یە. ڕۆژێ یەک دانە گوێزی خواردووە بەفراوەوە. بەیانی کە خۆرهەڵاتووە ڕووی کردووەتە گۆی خۆر و نوێژی تایبەتی و گاتای خوێندووەتەوە و پاڕاوەتەوە لە ئاهۆرامازدا کە گەلەکەی لە خراپەی ئاهێرامانداا (ئەهریمەن) (شەیتان) و دێو دروجەکان ڕزگار بکات و بیانخاتە سەر ڕێگەی چاکە.

زەردەشتییەکان لە هۆرامانداا بەئاوی پاک و گەرم مردووەکەیان شتووەو بردوویانەتە سەر لووتکەی (کێوی سپی) کە بەرزترین لووتکەیەو بەجێیان هێشتووە لەوێ (هەوم) واتا (داڵ) گۆشتەکەی خواردووە، داڵ هاوڕێی زەردەشت بووەو دوای سێ ڕۆژ تەنها ئێسقانەکانی ماوەو دەیانخستە ناو کوپەڵەیەکەوە کە هەوایان تیا نەدەهێشت و تاوێرە بەردێکیان دەخستە سەرو بەقوڕ سواقیان دەدا دەیانهێنایەوە لە گۆڕێکی قووڵا لە بەرزاییەکدا دەیانشاردەوەو چەند کلۆیەک بەردی (کۆمسا)ی پیرۆزیان دەخستە کوپەڵەکەوە (لە شوێنێکی تر باسی (بەردی کۆمسا) دەکەم. بۆ ئەوەی زەوی پیس نەبێت، چونکە لای زەردەشتییەکان (تیشک و هەوا و گڵ و ئاو) زۆر پیرۆزن نابێ پیس بکرێن بنچینەی ژیانن. ئەوەی شایانی باسە ئەگەر لە زستاندا (مرد)، ئەو شاخە زۆر ساردەو هەمیشە بەفر دایپۆشیوە (پێڵاوی تایبەتیان لەپێ کردووە بۆ ئەوەی نەچەقنە ناو بەفرەکەوە، لەژێریەوە بە کەللە هێڵەکێکی ئەستوورو بە (لباد) پێی خۆیان باش بەستووە و بەچەرم دایان پۆشیوە پێیان وتووە (کەمانەو پاتەتە) و بەلبادو پێستەکەیان وتووە (خامینە)و بە پارچەی باریکی چەرم و تەل دووریویانە بەیەکا بۆ ئەوەی پێیان سەرمای نەبێ و گورج و گۆڵیشە ئنجا جلی زۆر ئەستووریان لەبەرکردووە و دوایی کوڵەباڵ و کەڕەکیان لەبەرکردووەو کڵاوی (لباد)یان لەسەر کردووە کە هەمووی لەخوری دروست کراوەو دەرپێی لبادیان لەپێ کردووەو باش ناوگەڵیان داپۆشیوە بۆ ئەوەی سەرما کاریان تێ نەکات لەگەڵ ئەوەشدا زۆریان لەسەرمانا مردوون یا بەفر پەکی خستوون بەوجۆرە مردووەکەیان بردووەتە سەر ئەو (کێوی سپی)یە بەڕێگەیەکی تایبەتیدا پێیان وتووە



زەردەشت

ڕێگەی (پراتۆزمسۆ) واتا زستانەڕێ و ڕێگەی زەردەشتی یا (ڕاوپیشالیار)یشی پێ دەڵێن کە زۆر سەختە و لەوێ بۆ سێ ڕۆژ بەجێیان دەهێشت و لەوسەرەوە بەخلیسکاندن و هەریەکەو سواری لقێ داری پڕدار بوون و دارێکی تیژی ئەستووریان بەدەستەوە گرتووە بۆ ئەوەی نەوەک بگەنە سەر تاشەبەردێکی سەختی بەرز (مای) پێ دەڵێن و بکەونە خوارەوە لەوکاتەدا دەیچەقێننە ناو بەفرەکە لەنێوان لاقیانداو دەیانوەستێنێ و لادەدەن لەو بەردە بەوجۆرە بەزووترین کات دەگەیشتنەوە بنار چیاکە.

بەو ناشتنی مردوویانە وتووە (کەلاتی بێ دەنگی)، ئەوەی شایانی باسە ئێستەش لەشاری (بۆمبای) لە ڕۆژهەڵاتی هیندستان لەسەر دەریای هیندی، تیرەیەکی چارەکە ملیۆنی دەژین (ئەمە لە چلەکانا ئامارکراوە) و ئێستە زیاترن، ئەوانیش زەردەشتین پێیان دەڵێن (تاتا)یی واتا (باوکی) و بەهۆرامی قسە دەکەن و زۆر دەوڵەمەندن و ژن و ژن خوازی لەگەڵ کەسانی سەر بە ئایینی تر ناکەن بەهەمان جۆر مردووەکانیان دەشارنەوە (کەلاتی بێ دەنگی) پێ دەڵێن کە لەشێوەنەکانیانا (موبەد)ێکیان یا (هەربەد)ێکیان واتا (جێگری زەردەشت) نوێژو گاتا (نزا) یا (دوعا)یان بۆ دەخوێنێت لەگەڵ چەند ئامۆژگاریەکاندا بە پاڕانەوەو پێیان وتووە

(کێمنا) لەسەر نزیکترین شاخی بەرزا کۆدەبنەوەو داوا دەکەن کە بە ڤەهێشتە (بەهەشت) شادبێتەوەو نەخرێتە ئاگری دۆزەخەوە.

**تێبینی:**

ئەو (موبەد)ە کە بەرزترین پلەی ئایینی زەردەشتییە، پێش ئەوەی (هەر بەد)ی پێ دەڵێن بەرزترین خوێندنی باڵایان هەیەو بۆ نموونە کوڕی (موبەد)ی ئێستایان لە (پاریس) بڕوانامەی (دکتۆرا) دێنێ و دەیەوێت کچێکی فەرەنسی مارەبکات باوکەکەی دژی دەوەستێت (موبەد)ە پێی دەڵێت دەبێت کچەکە بێتە سەر ئایینی زەردەشتی ئینجا مارەیی دێت کچەکەش دێتە سەر ئایینەکەیان و بە (شایی) تایبەتی خۆیان دەیگوێزنەوە.

ئەوەی شایانی باسە لەساڵی (٨٤٢ز) واتە (٢٢٧ک) هۆرامانی تەخت باوەڕ بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز دێنن چونکە ئەو دوا پیرشالیاریان کە نازناوی (پیرشەلیارە سیاوڵە) دەبێت خەودەبینی بە محەمەد (د،خ) و لەخەوا ناوی دەنێت سەید مستەفاو کوڕەکەی سەید محەمەد و لەوکاتەوە نازناوی پیرشالیار دەسڕێتەوەو ئایینی ئیسلام بڵاودەبێتەوە، بەڵام هەندێکیان ئەتۆرێن و هۆرامان بەجێ دێڵن بە ئێران و هیندستان و جیهانا بڵاو دەبنەوە لەوساوە هەندێکیان لە هیندستان دەگیرسێنەوە کە ئێستا (تاتا)یان پێ دەڵێن و زۆر دەسەڵاتدارن لە بۆمبای و دەوروبەریدا بەهۆرامی دەدوێن.

(پیرشالیارە سیاوڵە) ئەو (سنۆبەر)ە کە زەردەشت کاتی خۆی پاڵی پێوەداوە هەرمابوو ئەو دەیبڕێ و دەیکاتە دارەڕای مزگەوتی نوێی ئیسلام لەشاری سەروپیری هۆرامانی تەخت.

ڕۆژووگرتنی زەردەشتییەکان- زەردەشت ڕۆژووی بە ئازاردانی لەش (جەستە) داناوەو وتوویەتی کەس نابێت ڕۆژووبگرێت بێجگە لە زەردەشت خۆی و پیرشالیار و پیاوە (موغان)ەکانی ئایینی خۆی نەبێت.

نوێژو نزا (گاتا) دوعاو (کێمنا)ی زەردەشتییەکان واتا ئامۆژگاری ئایینی کە لە بەشی (گاتا)دا بە کۆنترین بەشەکانی نووسراوی (پەڕاو)ی ئاوێستا دادەنرێت بەم جۆرەیە «ئەی خوا ئەی ئاهۆراماندا (مازدا) تۆ لەسەر ڕاستی و دروستی دڵم دەبزوێنی، نیازی چاکیش دەخەیتە مێشکمەوە،

هێزی گیانی گەورەبیست خستووەتە کانگای دەروونمەوە،

کاتێکیش کە کڕنۆشی نەوازشت بۆ دەکێشم و بچووکی خۆمت بۆ دەنوێنم،

ستایشی گەورەیی تۆ تا سەر، لەسەر زمانم دەمێنێتەوە، تەنانەت لە ئەنجامی کاریشدا دەگەمە بەر دەرگاکەی تۆ و داوای بەزەیی هاتنەوە و چاو پۆشینت لە گوناهەکانم دەکەم،

دەنگدانەوە خۆشەکەی تکاو پاڕانەوەکانی خۆمم بەئاشکرا دێتەگوێ،
کە لە بەهەشتەکەی تۆوە دێ، کە کانگای گۆڕانییە».

بۆ نوێژکردنیان ڕوودەکەنە تیشکی خۆر، یا هەر ڕووناکییەک بێت ئەگەر ڕۆژ دیار نەبوو چرایەک یا ڕووناکییەک لە بەرزاییەکا دایدەنێن. ڕۆژی پێنج جار نوێژیان بەبێ جووڵانەوە بەملکەچییەوە دەکرد:

١- بەیانی کە ڕۆژ هەڵدێ (هاوەنی).
٢- نیوەڕۆ (ڕاپیتۆن).
٣- ئێواران (ئۆزەیران).
٤- کاتی نووستن (ئەیوی سروترام).
٥- نیوەشەو (ئۆشەوان).

(تیشک) زۆر پیرۆزە لایان وەکو (فر فروس صوری) وتوویە، چونکە سەرچاوەی ژیانەو جیهان ڕووناک دەکاتەوەو دژی تاریکی و خراپەیەو گەرما دەگەیەنێت بەزیندەوەران... تاد و ژیان بێ تیشک نییە.

هەر لەبەر ئەوەیە بە زیندوویی مرۆڤی خراپیان خستووەتە ئاگرەوە، چونکە دروجەکان و دێوەکان لە تاریکیا دەژین. دەڵێت خوای (ئاهۆرا)ماندا، یا مازدا ئەوەندە تیشکی بەهێزە، خۆی پیشانی گۆی (خۆر) دەدات، ئەو (خۆرە) خۆی تاریکە وەکو ساجێک وایە و ئەو ڕووناکییەی پێ دەبەخشێت کەواتە تیشکی خۆر بەخشینی تیشکی خوای (ئاهۆرا)یە بۆ گۆی خۆر، ئەویش دەیداتەوە بەگۆی زەمین و سەرجەم ئەستێرەو مانگەکان و زەردەشت دەڵێت (ئاگر بەخشینی ئاسمانە بەهۆی خۆرەوە لەخوای ئاهۆراوە بۆ زەمین) لە زمانی ئاوێستادا واتا هۆرامی کۆن لە جیاتی پیتی (خ) پیتی (ه) لە هەندێ وشەدا بەکارهاتووە وەکو (هۆر) واتا (خۆر)، وەکو (هۆرماد) واتا (خۆرماد) تیشکی مادیەکان و ئێستە (خورماڵ)ە، و (هۆرامان) لە ئاهۆراماندا وەرگیراوە، (هوێن) واتا (خوێن) وەکو لە هۆنراوەیەکی یەکێ لە (پیرشالیار)ەکان واتا جێگرەکانی زەردەشتدا دەڵێت: کاتێک کە شاری (هۆرماد)یان گرت لە (٢١)ی کۆچیدا لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بەڕێپیشاندەری (گاوانی کوردی) کە (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) ناردیە سەر شارەزوور بەسەرۆکایەتی (عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب) و (قەعقاعی کوڕی عەمر) و (عەیازی کوڕی غەنەم) و (قوحتوبە)و (وەلیدی کوڕی عەتەبەی کوڕی ئەبو وەقاص) و (ئەبو عوبەیدەی نەسار) (خوا لێیان خۆش بێت) پیاوەکانیان ئەو ناوەیان (ئەنفال) کرد، ئەو پیرشالیاری سەردەمە لە هۆنراوەکەیا دەڵێت و باسی ئەو ڕووداوە دەکات (لە مێژوودا وانووسراوە)

**(هورمزگان) ڕمان (ئاتران) کژان/ وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان/ زۆر کاری ئارەب کردنە خاپوور/ گنائی پاڵە هەتا شارەزوور/ (شەن) و (کەنیکا)وە دیل بسینا/ مەرد ئازاتلێ وەرووی (هوێنا) ڕەوشتی (زەردەشت) مانۆوە بێکەس/ (پزیکا) نیکا (هورمز) وەهیچ کەس/ هۆشت بەواتەی (پیرشالیار) بۆ/ گۆشت جەکیاستەی زانای (سیمار) بۆ.**

واتا هورمزگەکان (مزگەوتەکانی زەردەشتی) ڕووخێنران و ئاگرەکان کوژانەوەو گەورەکان خۆیان شاردەوەو عەرەبەکان تا بناری شارەزووریان وێران کردو و ژن و کچەکانیان بەدیل گرت و مەردە ئازاکانیش (کوڕە ئازاکان) لەناو (خوێنی) خۆیانا دەتلانەوەو ڕەوشتی زەردەشت بەبێ کەسی دەمێنێتەوەو (هورمز) واتا ئاهۆراماندا بەزەیی بە کەسا نایەتەوەو ئینجا دەڵێت ئاگات لە قسەکانی پیرشالیارەکان بێت کەلە (ماریفات) کردوویانەو گوێشت لە نێردراوەکەی زانای (سیمار) واتا زەردەشت بێت کە (ئاوێستا)یە و ئاهۆراماندا خوای چاکە بۆی ڕەوانە کردووە ئەوەی شایانی وتنە لەشکری ئیسلامی لەوێ مۆڵ دەخوات و چونکە سەرکردەیەکی (پیرشاپاهۆ) کە سەرۆکی ئەو وڵاتە دەبێت شاری (پاوە) ئەو دروستی کردووەو کردوویە بە پایتەختی یەکێ لەو سەرکردانەی کە ناوی (پیرشا ئازهۆ) دەبێت بەرەنگاری سوپای ئیسلامی دەبێتەوە لە نزیک شارۆچکەی (بیارە)و دەیشکێنێ و ئایینی ئیسلامی تا (٨٤٢ز-٢٢٧ک) بەرەو ژوورتر ناڕوات وەکو باسم کرد لە پێشەوە بەو جۆرە لە هۆراماندا بڵاو دەبێتەوە. ئەو (پیرشائازهۆ)یە پرس بە (پیرشالیار)ی سەردەم دەکات ئایا بوێرێ ئەو شەڕەبکات، ئەویش پێی دەڵێت (بیارە) واتە بوێرە، شارۆچکەی (بیارە) بەوناوەوە ناونراوە وەکو هەموو شارێک یا دێیەک مێژوویەکی هەیە وەکو (کێمنا) پاڕانەوەی زەردەشتی دێی (کێمنە) یا (عەبابەیلێ) کە ئەبو عوبەیدەی نەسار لەوێ (شەهید) کراوە یا... تاد...

### جەژنی کۆمسا

هەموو ساڵێک کە سی و پێنج ڕۆژ زستان بمێنێت واتا لە چڵەی زستانا، لە سەردەمی زەردەشتەوە تا ئێستا و هەتا هەتایە، هەموو دێهاتەکانی هۆرامانی تەخت، لەسەر مەزارگەکەی پیرشالیارەکان کە ژوورێکی زۆر گەورەیە لە دێی (سەروپیری)، چوار ڕۆژ دەیکەن بە جەژن (ئێستا سێ ڕۆژە) بەزۆری ئەگەر چوارشەممەی تێکەوت، جەژنەکە زۆر پیرۆزە چونکە کاتی خۆی و ئێستاش چوارشەممە لایان پیرۆزە کە (دوایی باسی دەکەم)، بەو جەژنە دەڵێن (جەژنی کۆمسا)، نێرینەی ڕانەمەڕەکان کە کراوە بە نەزر بۆ پیرشالیارەکان سەری دەبڕن و دابەشی دەکەن بەسەر دانیشتووانا، لەدێرین کاتەوە هەر هۆزێک کە ئەو مەڕە نێرینانەیان سەربڕیوە ئێستاش نەوەکانی ئەوان سەریان دەبڕن، هەر تیرەیەک کام گۆشتیان خواردبێ، ئێستاش

نەوەکانیان هەمان گۆشت دەخۆن وەکو (گۆشتی ڕان، یا پەراسوو، یا جگەر یا... تاد) هەرچی لە گۆشت دەمێنێتەوە لەناو مەنجەڵی زۆر گەورەدا لەگەڵ (برۆێشا) تێکەڵی دەکەن و دەیکەن بەچێشت و لەوێ بەو سێ ڕۆژە دەیخۆن، منداڵانیش بۆ گوێز کۆکردنەوە لەسەر کلاوڕۆژنەی ماڵەکانەوە بەگۆرانییەوە داوای گوێزی پیرشالیار دەکەن، چونکە دانیشتوان بەری دارگوێزی زۆریان داوە بەخێری پیرشالیارەکان و لەوسێ ڕۆژەدا بەشی دەکەنەوە بەسەر منداڵانا بەوشێوەیە وەکو (شەوی بەرات). ئەوسێ ڕۆژە بەهەڵپەرکێ و ڕەشبەڵەک بە گۆرانی و دەف و شمشاڵ و بلوێری جۆراوجۆری هۆرامیەوە دەیبەنە سەر و جلی ڕەنگاوڕەنگ لەبەر دەکەن و بەخۆشی و شادیەوە هەرچی ناکۆکییەک لەنێوانیانا بووبێت لەوساڵەدا هەموو ئاشت دەبنەوەو سوێندی پیرشالیار دەخۆن کە خیانەت لەگەڵ یەکترا نەکەن و زۆر لاوی کوڕوکچ لەو ڕۆژەدا بە مەرامیان دەگەن و دەبن بەهاوسەری یەکتر، بابزانین وشەی (کۆمسا) واتا بەردی گەورەو دابەشکراو بەسەر هەمووانا، ئەم بەردە دوولایە بە قەدەر نیومەتر لەسەر زەوی لەو شوێنە مەزارگەیەدا لە پازدەی مانگی ئارفراهێستۆی زەردەشتی کە پێنجی مانگی مایس دەکات، واتا مانگی (تۆو و پێگەیشتن و فەڕ) لە سەردەمی زەردەشتەوە کە ڕۆژ هەڵاتناسێکی ڕووسی دەڵێت پیرشالیاری یەکەم (زەردەشت)بووەو دوایی بە ڕەچەڵەک و پشتاوپشت ناژناویان لێنراوە (پیرشالیار) واتا (گەورە پیاوی پیری ڕیش سپی سەر بە ئایینی زەردەشتی) کە جێگری زەردەشت بوون تا سەردەمی پیرشالیارە سیاوڵە کە وازی لە پیرشالیاری هێناوە کە لە شوێنێکی تری ئەم باسەدا ڕوونم کردووەتەوە. لەو ڕۆژەدا ئەم بەردە دەبڕن و وەکو کلۆ شەکری لێدەکەن تا ناخی ژێر زەمین بەنیو مەتر دەیشکێنن و دابەشی دەکەن بەسەر دانیشتوانا بۆ پیرۆزی و فەڕ، دەیبەستن بەشاخی مانگاو ئاژەڵەوەو دەیخەنە سەر (هەمانە) و ڕۆن و خواردەمەنی بۆ ئەوەی فەڕ و پیتی تێ بکەوێت و دەیبەستن بە مەشکەوەو پیاو و ژنیان لەگیرفانیانا هەڵی دەگرن بۆ ئەوەی لە خراپە بپارێزرێن و بەبێشکەی منداڵەوە دەیبەستن بۆ تەمەن درێژی لەگەڵ مووروی شینا دەیکەن بەسەرووی دەرگای ماڵەکانیانا بۆ دوورکەوتنەوەیان لە چاوپیسی بۆ چاوەزار و لەسەر سکی ژنی دووگیان دایدەنێن بۆ ئەوەی بەئاسانی منداڵی ببێ و دەیبەستن بەسەری نەخۆشەوە بۆ چاکبوونەوەی و دەینێرن بۆ دۆست و هاوڕێیانیان لە شوێنەکانی تر بۆ پیرۆزی... تاد. ئەوەی شایانی باسە تەنها لەو ڕۆژەدا ئەم بەردە گەشە دەکات و گەورە دەبێت و لە هەمان ڕۆژدا (١٥)ی مانگی ئارفراهێستۆ دەیشکێنن تا ناخی زەوی و ئەوەش پێویستی وتنە کە لە پێشەوە باسم کردووە. زەردەشت پێش (٢٧٠٠) ساڵ لە (٦٦٠پ.ز) لەو ڕۆژەدا لە دایک بووە ڕێکەوتی چوارشەممە بووە، بۆیە چوارشەممە لای کوردەکان پیرۆزە وەکو جومعە لای ئیسلام و شەممە لای جوولەکەو یەک شەممە لای مەسیحی و دووشەممە لای بوزییەکان، هەر لەو ڕۆژەدا واتا پێنجی مایس (٦٣٠ پ.ز) سرووشی (وحی) بۆ هاتووەو لە هەمان ڕۆژدا لە (٥٨٣ پ.ز) گەشمەرگە (شەهید) کراوە لە تەمەنی (٧٧) ساڵیدا لەبەر ئەوە زۆر پیرۆزە، ئەو ڕۆژە (پێنجی) مایس و ڕۆژی چوارشەممە زۆر پیرۆزە لای کوردەکان و سەردانی مەزارگەکان دەکەن.

**پایەی ژن و ژن هێنان لە ئایینی زەردەشتی دا**

ژن پایەیەکی زۆر بەرزی هەبووەو هەمان مافی بووە کە پیاو بوویەتی لە پێشەکی یەسناکانی(٥٣) زەردەشت جوانترین کیژی خۆی کە ناوی (پیرۆجیستا) بووە لەسەر حەزو ئارەزووی خۆی واتە کچەکەی مارەی بڕیوە بۆ (پیرشا جاماسپ)، لەکاتی شیرینی خواردنەوەدا دەڵێت: ئەی کچی جوان و خۆشەویستم ئەی (پیرۆجیستا) لە بنەماڵەی (سپەنتمان) ئەی کچی زەردەشت، لەسەر داخوازی هەردووکتان و لە تەمەنێکدان لەبەر ڕووی پاک و ڕاستی و خوو و ڕەوشتی چاکی پیرشا (جاماسپ)، کە ڕاستکردار و پشتیوانە بۆ ئایینی ڕاستی بۆ تۆی هەڵدەبژێرم بە مەرجێ خۆت قایل بیت و لێکی بدەرەوە و هۆشت و ژیریت ڕاوێژکارت بێت و ئەگەر قایل بوویت بڕیاری زەماوەند بدەو ئەویش ڕەزامەندی خۆی دەردەخات و بەدرێژی قسەی خۆی کردو خۆشەویستی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە پیرشاجاماسپ. ئینجا بواردرا بە (پیرشا جاماسپ) لەو کۆڕەدا هاتە قسەو وتی بە هاوەڵی ڕاستی و دروستی پیرۆجیستای جوان حەز لە هاوسەری دەکەم و دوایی بە جۆرێک ڕوو لەژیانی ڕاستەقینە بکەین و لەسەر ڕۆشنایی ئایین و ئامۆژگاری زەردەشت دەکەم کە گشت کارو کۆشش لە پێناوی خزمەتی (باوک و دایک)ی هەردوولاو وەرزێران و مرۆڤایەتی تردا بێت بەجۆرێک کە خواوەند (ئاهۆرامازدا) لە پاداشتی ئەو خزمەتی مرۆڤایەتیەدا چاکترین پاداشتمان پێ ببەخشێت لەگەڵ منداڵی باشی زۆردا، دووبارە زەردەشت لەو کۆڕەدا دێتە قسەو بە ئامادەبووان (کوڕان و کچان) دەڵێت ئەی لاوەکان کاتێک دێنە پەیمان بەستنی هاوسەرێتی یەکتر وا پێتان دەگەیەنم و ئەم پەندەم لە مێشک بگرن و لە یادی مەکەن، با ئامانج و کارو کۆششتان لە ژیاندا ڕاسپاردەی ڕێگەی ڕاستی بێت، پێویستە گشت یەکێک لە ئێوە خۆی ئامادە بکات بۆ پێشبڕکێی گوفتارو ئەندێشە.

ئەو پەندەتان پێ ڕادەگەیەنم کە ئەو ڕێگە پاکە بگرنەبەر و هەریەکەتان ئەو ڕەفتارە بکات بە پیشەی ژیانی تا کەسانی تری پێ دڵشادو بەختەوەر بێت.

لە کاتاکاندا سەربەخۆیی ژنان و ڕێز لێ گرتنیان و

پاراستنی مافیان و جێهێنانی ئارەزوویان لە ڕووی ڕەواوە خستووەتە ڕوو، زەردەشت پێیان ڕادەگەیەنێت کە دوور بکەنەوە لە خراپەکاری و دژی شتە زیانبەخشەکان بوەستن و دەڵێت (لە پێناوی پێنجدام و لەگەڵ پێنجدا نیم، لە پێناوی بیرکردنەوەی چاکدام و لەگەڵ بیرکردنەوەی خراپدا نیم، لە پێناوی وتەی چاکدام و لەگەڵ وتەی خراپدا نیم، لە پێناوی کرداری چاکدام و لەگەڵ کرداری خراپدا نیم، لە پێناوی فرمانبەری ڕێی ڕاستم لەگەڵ فرمانی خراپدانیم، لەپێناوی ڕاستگۆییدام و لەگەڵ درۆزنیدا نیم) یەسناکان (١٠٠) بەندی (١٦)

لە هەموو بەشە دێرینەکانی ئاوێستادا ناوی ژن و پیاوی خووپاک و بە ئایین شان بەشانی یەک دەرکەوتووەو بەهەمان ڕادە ژنان و پیاوانی بەدخوو و نارەسەن وەک یەک نەفرەت لێکراوە (یەسنا ٦٨٠ بەندی ١٢)، لە بارەی کۆمەڵایەتییەوە ژن و پیاو وەکو یەک بەرپرسیاربوون، پلەوپایەو مافیان یەک جۆر بووە (ئەوکاتەی هەست کرا کە پیاو یا ژنێک دروست و چاکە ئەوسا کاری پێ بسپێرن بەپێی پێداویست (یەسنا ٣٥٠ بەندی ٦). ترازووی هەڵسەنگاندنی پیاو و ژن (ڕاستییە) ئەوانە مایەی ستایشن (بەندی نۆی هەمان نامیلکە). ژنان شان بەشانی پیاوان جەنگیون دژ بەدوژمن، هەڵکەوتووە کە ژنێک پایەو پلەی لە پیاوان بەرزتر بێت (یەسنا ٣٧٠ بەندی ٣)، لە تاواندا هەردووکیان یەکسانن بەرامبەر یاساو جێگەی نەفرەتن (یەسنا ٤١ بەندی ٢)، کچ لەماڵی باوکیا ڕێزداربووەو هەموو مافێکی بووە و بە ئازادی ژیاوە و بە ئارەزووی خۆی هاوسەری دیاری کردووە بەپێی حەزی هەردوولا بە مەرجێک لە ڕەوشتی ئایینی پاک دەرنەچن و ڕاستگۆبن لەگەڵ یەکتردا.

وەکو وتمان کچ بەوجۆرە شوودەکات بە ئارەزووی هەردوولا و بە ئازادانەو مارەیی زۆر نییە، بەڵکو شتێکی کەمی ڕەمزی دەدرێت بەهەردوولا لەلایەن دایک و باوک و خزمان و دۆستانی هەردوولاوە بۆ ئەوەی ماڵ پێکەوە بنێن، کچ و کوڕە هەریەکە جلی تایبەتی لەبەردەکاو پشتوێنێک دەبەستێ پێی دەڵێن (زنار) و بە دەوری ئاگرێکا چوار جار دەسوڕێنەوە (چونکە ژمارەی چوار پیرۆز بووە لای زەردەشتییەکان چونکە بوونی ژیان لە چوار شت پێکهاتووە (تیشک و هەواو گڵ و ئاو) و (موبەد) یا پیاوێکی ئایینی یا (موغ) یا کەشیش یا (هەربەد) لە پێشیانەوە دەڕوات و جلی ڕەش لەبەردەکات و گاتەکان بەدەنگی خۆشەوە دەخوێنێت و ئەمانیش دووبارەی دەکەنەوە. (سیاچەمانە) لەوەوە وەرگیراوە واتا (جلی ڕەش) کە ئێستا جامەدانە دەبەستن بەسەرا هەندێ بە هەڵە دەڵێن واتا (چاوی ڕەش) لەسەردەمی زەردەشتەوە سیاچەمانە بووە بە دەنگی خۆشەوە گاتاکانیان وتووەتەوە.

**هەندێک لە سەرچاوەکان کە زیاتر لە (١٠٠) سەرچاوەن.**

١- بەڕێز پیرانزارا گەشتیارێکی زەردەشتی بووە بە هیندستان و ئێران و عێراق و شوێنی ترا گەڕاوە، لە ساڵی (١٩٣٠ز) هاتووەتە شارۆچکەی تەوێڵە لەوێ چاوی بە بەڕێز محەمەد ئەمینی قادر سەید ئەحمەد و شاعیر میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی (١٩٤٩-١٩٧١) «خوالێخۆش بوو» کەوتووەو باسی پیرۆزی سەرچاوەی ئاوێسەری کردووە کە لەوێ زەردەشت سرووش (وحی) بۆ هاتووەو ئاوەکەی زۆر پیرۆزە و بەناوی ئاوێستاوە پەڕاوەکەی لەسەر پێستی (١٢) هەزار گا بە خەتی ئاوێستایی واتا هۆرامی کۆن بە ئاوی ئاڵتوون نووسراوەتەوەو لە گەڵیاندا چوونەتە سەر سەرچاوەی (ئاوێسەر) و هەفتەیەک ماوەتەوەو سەردانی خوالێخۆش بوو شێخ حیسامەددینی کردووە «ئەمەم لە خوالێخۆش بوو (حاجی مامۆستا محەمەد ئەمین قادر سەید ئەحمەد)ەوە بیستووە».

٢- بەڕێز (فضل اللەی زورغامی) سەرۆکی ستادی سوپای ئێرانی بووە واتا (رئیس ارکان جیش) بەخۆی و لەشکرێکەوە بەو سنووردا تێپەڕ دەبێت و دەوەستێت و دەڵێت تۆزێ لەو ئاوە سارده پیرۆزەی ئاوێسەرم بۆ بێنن چونکە (زەردەشت) لێرە سرووش (وحی) بۆ هاتووە و ئاوێستا لە ئاوێسەرەوە وەرگیراوە کە پەڕاوەکەی زەردەشتەو باسی (هۆرامان)ی کردووە کە لە خوای (ئاهۆرامەزدا) یا (مازدا)وە وەرگیراوە.

ئەمەم لە بەڕێز محەمەدی سان ئەحمەد کە لە (١٩٤٠)ەوە سەرۆکی شارەوانی تەوێڵە بووەو خۆی ئێستە ماوە لە سلێمانی دادەنیشێت و بە تەمەنە و لە (١٩١٤) لەدایک بووە دەڵێت زۆر بووین لە ئاوێسەر کە ڕۆژانە بە بەهارو هاویندا بۆ هاوینەهەوار زۆر فێنکە سەردانمان دەکرد، لەساڵی (١٩٣٨) کە گەورەبووم، ژنم هەبوو ئەم قسەیەم لەو کابرایە بیستووە لەگەڵ قسەی تری زۆردا کە بوار نییە بیانووسم.

٣- زەردەشت، نووسینی ئەحمەد ئەلشنتاوی میصری کە لە عەرەبییەوە شاکر فەتاح کردوویە بەکوردی.

٤- زمانی ئاوێستایی، محەمەد ئەمین هۆرامانی.

٥- مێژووی کوردو کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی.

٦- پیرشالیاری زەردەشتی، محەمەدی مەلا صاحب.

٧- مێژووی ویژەی کوردی، بەرگی یەکەم، صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە).

٨- ئاوێستا، جەلال ئەمین بەگ چاپی یەکەم (١٩٩٩).

٩- زەردەشت، عەبدوڵڵا مەلا فەرەج.

چەند سەرچاوەیەکی تر و لەگەڵ بۆچوونی خۆم (نووسەر).